# دەروازەیەك لە بارەی زمانی ئووراڕتی

نووسینی: ڤلهلم
وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە
ئاسۆس محەمەد مەلا قادر

---

**بەشی یەکەم:**

**کورتەیەکی مێژوویی**

**پێشگوتەی وەرگێڕ:**

ڕەنگە جێگەی گومان نەبێت گەر بوترێت زمانی ئووراڕتی بەشێوەیەکی ئارخەیانی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر توێژینەوەی مێژووی زمانی کوردی هەیە، ئەوەی گومانیش لا دەبات بریتییە لە مانەوەی بەشێکی گەورەی سامانی زمانی ئووراڕتی لە ناو (شێوە زارە) جیاجیاکانی زمانی کوردیدا، لێ بەراوردکردنی زمانەوانی بەتەواوی پێودانگە زانستییەکانییەوە لە نێوان هەریەك لە ئووراڕتی و کوردیدا جۆرێك لە کورتهێنانی زانستی تێدەکەوێت، چونکە لەڕووی ڕێزبەندیی مێژووییەوە زمانی کوردی بە بەراورد لەگەڵ زمانی ئووراڕتیدا تاڕادەیەکی تەواو لەکاتێکی درەنگتردا تۆمارکراوە (بەپێی ئەو زانیارییانەی تائێستا لەبەردەستدان) بەم پێودانگەش بێت بەندوارکردنی زمانی کوردی بە زمانی ئووراڕتی یا دوورتر بڕۆین بە زمانی خوری لە لایەك و زمانی سۆمەری لەلایەکی ترەوە کورت دەهێنێت، چونکە زمان بریتی نییە لە پەیڕەوێکی داخراوی چەق بەستوو، بەڵکو بریتییە لە پەیڕەوێکی کراوە، کە لە ڕەوڕەوی مێژوودا گۆڕانی بەسەردا دێت، نەك هەر ئەمە

بگره تەنانەت گەلێك جاران وا ڕێکدەکەوێت ، کە هەمان وشە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە واتاکەی دەگۆڕێت. لێرەدا مەبەست لە بەراوردکردن جۆرە بەراوردکردنێکە کە لەسەر ئاستی جیهاندا هەرەمێن بەدەست بهێنێت و لە بوارەکانی توێژینەوەی زانکۆییدا پشتی پێ ببەسترێت، ئەم کردەیەش پێویستی بە لە بەرچاوگرتنی هەر یەك لە پێواژوە مێژوویی و بنەما زانستییە زمانەوانییەکان هەیە، گەرچی باس لێوەکردنی گرنگی هەریەك لە زمانی سۆمەری و خوری لە چوارچێوەی ئەم کورتە پێشەکییەدا لە ڕێڕەوی ئەم بابەتەی پێوەند بەزمانی ئووراڕتی بەچەشنێك لە چەشنەکان لامان دەدات، چونکە سەرەتا دەبێت زمانەکە خۆی بەتەواوی پێکهاتە ڕێزمانی و فەرهەنگییەکانەوە بتوێژرێتەوە ئینجا دواجار لەگەڵ زمانەکانی تردا بەراورد بکرێت، لەم بارەشدا رادەی لە یەکچوون و لە یەك نەچوونی دوو زمانەکە یان چەند زمانەکە لە بنچینەیەکی تۆکمەوە سەرچاوە دەگرێت، لێ هەریەك لە دوو زمانە نێوبراوەکەی سەرەوە شانبەشانی زمانی ئووراڕتی لە ناو زمانە بەمێخی نووسراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆندا کاریگەرییەکی راستەوخۆیان لەسەر پێکهاتەی فەرهەنگۆکی زمانێك لە نێو زمانێکی تردا بەندیوارییەتی راستەقینەی نێوان ئەو دوو زمانە ڕەنگ ناداتەوە، بەڵکوو بوونی فەرهەنگۆك و پێڕۆی کارکردنی هەردوو زمانەکە و پێشاندانی وێکسازی ڕێزمانی و چۆنیەتی دارشتنی ناوو فرمانەکان ئەم لە یەکچوونە ڕەنگ دەدەنەوە، بەم پێودانگە دۆزینەوەی بەندیوارییەتی نێوان سۆمەری و کوردی نەك تەنها توێژینەوەیەکی وردی ڕێزمانی گەرەکە، بەڵکوو لە زۆربەی بارەکاندا بەراوردکردنی وشە سۆمەرییەکان لەگەڵ وشە کوردییەکاندا پێویستیان بەڕوونکردنەوەیەکی دەنگسازی ورد هەیە، گەر لە زمانی سۆمەریدا چۆنیەتی گۆکردنی وشەکان هێژ جێگای گومان بن ئایا مانەوەی ئەو وشانە لە نێو زمانی کوردیدا دەکرێ چارەسەرێك بۆ ئەم پرسە بدۆزێتەوە؟ لەڕووی فەرهەنگۆکییەوە دەکرێ بوترێ ژمارەیەکی بەرچاوی وشەی سۆمەری بەشێوەزاری ئێمێ - سالێشەوە لە نێو شێوەزارە جیاجیاکانی کوردیدا بە دیدەکرێن بە چەشنێك ژمارەی ئەو فرمان و ناوانەی لە بەردەستمدان نزیکەی چوارسەد دانەن کە لە توێژینەوەکانی داهاتوودا سوودیان لێ وەردەگرم و هەروەها بە بەردەوامیش وشەی نوێ دەدۆزمەوە.

ئەوەی پەیوەندبێت بەهەریەك لە زمانی خوری و ئووراڕتی و کاریگەریان لەسەر زمانی کوردی بەشێوەیەکی روونتر لە زمانی سۆمەری بەدی دەکرێت، هەرچەندە لەکاتی توێژینەوەی زمانی خوریدا چەندین شێوەزاری جیاواز لەناو زمانەکەدا بەدیدەکرێن، لێ ئەمە لە چۆنیەتی شیکردنەوەی زمانەکە ناگۆڕێت و دەکرێت بوترێت جیاوازییەکان بەڕادەیەکی زۆر لە چوارچێوەی گۆڕانی هەریەك لە پیتەکانی و، ڤ، ب، پ قەتیس دەبن هەروەك هەمان دیاردە لەناو شێوەزارەکانی زمانی کوریدا بەدیدەکرێت، لەم ڕوویەوە ڕەنگە لە دۆزینەوەی نەك تەنها فەرهەنگۆکی خوری و ئووراڕتی لەناو زمانی کوردی پەرەسەندنێکی باش بەدی بکەم کە بریتییە لە توێژینەوەیەکی بەردەستم و لەوانەیە چەندەها ساڵ بخایەنێت، بەڵکوو لەڕووی پێکهاتەی ڕێزمانیشەوە هەمان پەرەسەندن بە دیدەکرێت دەکرێت بوترێت ئەم بەندیوارییە بەشێوەیەکی زۆر روون و ئاشکرا لە زمانی ئووراڕتیدا ڕەنگ دەداتەوە، لێ ناکرێ بەڵگەکان لێرەدا بخەمەڕوو. توێژینەوەی هەریەك لە خوری و ئووراڕتی و

بەراوردکردنیان لەگەڵ زمانی کوردیدا نەك قۆناغە مێژوویيەکانی زمانی کوردی ڕووندەکاتەوە، بەڵکو چەندین فرمان هەیە لە کوردیدا وەرگرتنی ڕەگەکانیان بەناوازە لە قەڵەمدراوە، لێ ئەو ڕەگە ناوازانە بەشێوەیەکی زۆر ئاسایی و بەهەمان چەشنە گەردانکردنی زمانی کوردی لەناو خوری و ئوورارتیدا دەردەکەون گەرچی پێشتر هەریەك لە دیاکۆنۆف و ستارۆستن تەقەلای ئەوەیاندا کە زمانی خوری و ئوورارتی بە زمانەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی قەفقاسیاوە گرێبدەن، لێ تۆژەری ئەم دوو زمانە زۆر بە ئاسانی کەموو کورتی کارەکەیان بەدیدە دەکات، ئەوەی لە نرخی زانستیانەی توێژینەوەی ناوبراو کەمدەکاتەوە ئەوەیە لە بەشی هەرە زۆری پەرتووکەکەدا تەنها وشەکان لەڕووی شێوەوە بەراوردکراون بەبێ ئەوەی واتای وشە خوری و ئوورارتیەکان هەمان ئەو واتاییەیان هەبێت کە وشە قەفقاسییەکان هەیانە، سەرەڕای ئەوە ئەنجامی دۆزینەوەی دەقە چەند زمانییەکان ئەوەیان دەرخست کە لێکدانەوەی واتای گەلێك لەو وشانەی کە دیاکۆنۆف لە پەرتووکەکەیدا پێشنیاریکردوون چەوتن.

I.M. Diakonoff, Hurritisch und Urartäisch, München (Kizinger) 1971.

I.M. Diakonoff/ S.A.. Starostin, Hurro-Urartian as an Eastern Caucasian Languages (Kitzinger) .1996

ڕەنگە جێگەی خۆیبێت ئاماژە بە بایەخی توێژینەوەی هەریەك لە زمانەکانی ڕۆژهەڵاتی کۆن بە زمانە سامی (ئەکەدی: بابلی- ئاشووری) ئیلامی، هیندۆ ئەوروپییەکانیشەوە (حیتی) بدرێت گەر لە ڕادەبەدەر بایەخی خۆیان هەبێت بۆ والاکردنی پەنهانییەکانی مێژووی کۆنی کورد یان وردتر بڵێین مێژووی کۆنی وڵاتی کوردەواری، هەروەك ناکرێت هەریەك لە سەرچاوە یۆنانی و ئارامییەکانیش لە بیر بکرێن، کە لەمەڕ بەردەوامییەتی مێژووی لەسەردەمەکانی دواتر جێگەی بایەخی تایبەتین؛ گەرچی واباوە کە ناوی کورد لەسەردەمانێکی درەنگتردا دەرکەوتبێت، لێ ئەم گریمانە لە دەراوی ڕاستییەکی ڕەهاوە سەرچاوەی نەگرتووە و تەیکردنی تەواوی دەقە بەمێخی نووسراوەکان و شیکردنەوەی دەقەکانی داهاتوو، بە چاوپۆشین لەو ڕەوشە سیاسیەی دەوری گەلی کوردی داوە، ئیستەرەم (حتما) بوون و مێژوویی گەلی کورد لە کوردستاندا بە شێوەیەکی تر دەخاتەڕوو، نەك وەك کۆچەر بۆ ناوچەی کوردەواری سەیری بکرێت هەروەك لە نووسینی چەند ڕۆژهەڵاتناسێکدا بەبێ بەڵگە ئەم جۆرە گریمانانە هەڕەمێندراون یان وردتر بڵێین ئەم جۆرە بیردۆزانە بەڕادەیەك کۆن بوون کە تەنها لە بواری نووسینی مێژووی توێژینەوەی کوردناسیدا ڕەنگە جێگەی بەهەند وەرگرتنن.

ئەم بابەتە لە بنچینەدا هێژ بە زمانی ئەڵمانی بڵاونەکراوەتەوە، بەڵکوو تەنها بریتییە لە ڕەشنووسی پەرتووکێك بەم ناوەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە کە تەنها ئەو بەشەی وەرمگێڕاوە و چەند بڕگەیەکیش لە بەشی ڕێزمان تەواوبوون، لێ بەشێوەیەکی پچڕپچڕ، بۆیە زۆر سوپاسی پرۆفیسۆر دکتۆر گێرنۆت ڤلهلمی نووسەری بابەتەکە دەکەم کە ڕەشنووسەکەی پێدام بۆ ئەوەی وەریبگێڕم.

نووسەری ئەم بابەتە یەکێکە لە زانا ناودارەکانی ئەم بوارە و لە بەراوردکردنی خوری و ئوورارتی و کوردیشدا بەتەواوی پشتیوانیم لێدەکات بەمەرجێك لە چوارچێوەی زانستی دەرنەچم و پەلەش نەکەم.

تەواوی پەراوێزەکان وەرگێڕی بابەتەکە نووسیونی.

نووسەر سەرچاوەکانی راستەوخۆ لە دوای هەریەك لە بابەتەکان نووسیوە.

مێژووی ساڵەکانی بەر لە زاین کە لەم بابەتەدا بەکارهێنراون بریتین لە کرۆنۆلۆژی ناوەڕاست.

لە گۆکردنی ناوی نووسەر و توێژەرەکاندا لە قەڵای ئەوەم داوە کە بەشێوەی ئاخێوەرانی زمانەکە کۆیانبکەم، لێ دەبێت ئەوەمان لە بیر نەچێت ئەم جۆرە تەقەڵایانە سەد دەر سەد دروستییەکی رەهای گۆکردن بەرجەستە ناکەن، چونکە هەندێك دەنگ تایبەتن بەزمانێك و بەهیچ شێوەیەك ئەو دەنگانە لە زمانێکی تردا هێمایان نییە بۆ نموونە: دەنگێك لە ئەڵمانیدا هەیە لە نێوان خ و ش دایە تەنانەت نەك هەر لە کاتی نووسینی بەپیتی زمانێکی تر گۆکردنی ئەستەمە، بەڵکو لەکاتی قسەکردنیشدا گۆکردنی بۆ زۆرێك لە ئاخێوەرانی گەلانی تر سەختە.

رەگی فرمانە خوری و ئوورارتیەکان لەکاتی وەرگێڕانیان بۆ کوردی بۆ کەسی سێیەمی تاك گەردانکراون، کە لە بەراوردکردنەکانی داهاتوودا راستەوخۆ رەگەکان لەگەڵ رەگەکانی زمانی کوردیدا بەراورد دەکرێن، لێ لێرەدا ئەم جۆرە بەراوردە ئەستەم دەردەکەوت.

**ئاسۆس**

**05.03.2007**

**ڤوویتس بۆگ**

**Würzburg**

**یەکەم: بڵاوبوونەوەی زمانی ئوورارتی**

زمانی ئوورارتی لە کۆتایی سەدەی نۆیەمی بەر لە زاینەوە تاوەکو کۆتای سەدەی حەوتەمی بەر لە زاین لە ناوچەی فەرمانڕەوایی پادشاکانی ئوورارتوو نووسراوەتەوە، کە لە باکوورەوە لە سەرچاوەکانی فورات تێپەڕیوە، لە رۆژهەڵاتدا وڵاتی ئەرمینیایی ئێستا و تەواوی یان بەشێکی گەورەی ئازەربایجانی گرتۆتەوە، لە باشووری رۆژهەڵاتدا بەشێکی ئازەربێجانی ئێرانی و هەروەها پێدەچێت ئەوپەڕی باکووری رۆژهەڵاتی عێراقیشی کۆنترۆڵکردبێت لە رۆژئاواشدا بەرە و فوورات گەیشتۆتە ناوچەی مەلاتییە.

بەهۆی ئەم رووبەرە فراوانەوە لە بواری جوگرافیایی زمانەکەیدا ئەوەی بەندواربێت بەکاتی نووسینەکانی ئوورارتییەوە تاڕادەیەك نادیارە، هەروەها لێرەدا تا چەند زمانی ئوورارتی وەك زمانی دایك، زمانی دووەم یان زمانی نووسین باوبووە بە ناڕوونی دەمێنێتەوە.

زۆر پێدەچێت، کە پەژیراندنی (قبول) زمانی ئوورارتی وەك زمانی کارگێڕی و فەرمانڕەوایی بڵاوبوونەوەکەی وەك زمانی میللی زێتر سەرخستبێت.

پێش ئەوەی پادشاکانی ئوورارتی داگیرکارییەکانیان دەستپێبکەن نەدەزاندرا نیشتمانی ئوورارتی کوێبووە. لەسەر بنەمای بەندیوارییەتی لەگەڵ زمانی خووریدا دەکرێ (یەکسەر) ئەوە گریمانبکرێ، کە ئەو ناوچانەی بەرەو باکووری رۆژهەڵات هاوسنووری ناوچەی زمانی خوری بوونە لە دەوروبەری ناوچەکانی سەر سەرچاوەکانی زێی گەورەو ناوچەی دەوروبەری گۆمی وان بووە.

بەهەرحاڵ کشانی زمانی خووری بەرەو باکووری رۆژهەڵات یەك لە بارە خۆیەوە نەزاندراوە. مەڵبەندی بەکارهێنانی زمانی ئوورارتی وەك زمانی نووسینی شاهانە بریتییە لە ناوچەی دەوروبەری گۆمی وان و تووشپای پایتەخت لەسەرو دەوروبەری قەڵای شاری وانی ئێستادا ناتوانرێ بەدڵنیاییەوە بوترێ، کەی زمانی ئوورارتی لەنێوچووە.

دوا نووسینەکان دەگەڕێنەوە کۆتایی سەدەی حەوتەمی بەر لە زایین، دەشێ هێژ بەکارهێنانی زمانەکە بگەڕێندرێتەوە سەردەمی داگیرکاری کیمیرییەکان لە کۆتایی سەدەی هەشتەمی بەر لە زاییندا.

زمانی ئوورارتی وەك زمانی ئاخاوتن لە رووخانی پادشانشینەکە لەسەروبەندی کۆتایی سەدەی حەوتەمی بەر لە زایین زێتر نەژیاوە.

**دووەم: نازناوی زمانەکە**

نازناوی زمانەکە ((ئوورارتی)) لەناوی وڵاتی ئوورارتووەوە داتاشراوە، کە ئاشوورییەکان بەکاریانهێناوە، خودی ئوورارتییەکان تەنها کاتێك بەکاریانهێناوە کە بەئاشووری نووسیویانە، نەزاندراوە ئوورارتییەکان چیان بە زمانەکەیان وتووە؛ رەنگبێ لە ناوی وڵاتی Bia یان نازناوی نشینەکانییەوە Bia=i=ne=lə (خەڵکی وڵاتی) بیا داتاشرابێت.

ئێی ئێچ سێیس (A.H. Sayce) کە لە ساڵی ١٨٧٧-ەوە لە چەند بڵاوکراوەدا دەربارەی زمانی ئوورارتی دواوە زمانەکەی بەناوی کۆنترین جێواری وان ((بەزمانی وانی)) نێوناوە.

پیێ ئێنسن. (P.jensen) لە ساڵی ١٨٩١دا داتاشینێکی لە ناوی وڵاتی ئوورارتوو (ئوورارتی Urartischیان ئۆرتی (Ortaisch وەك نازناوی زمانەکە پێشنیارکرد، وەلێ لەمەیاندا پشتیوانی کەمی دۆزییەوە (یەکێکی ترJ. Sandaigia ).

تسێ. ئێف لێمان. هاوپت (-C.F.Lehmann Haupt) لە سەرەتادا بەخۆگرێدان بە ئا. دێ. مۆدتمان نووسینی مێخی ئە-رمینی ( A.D. (Mordtmann.armenische Keilinschriften لە بارەی ئەرمەنی کۆنەوە دوا (بەبێ ئەوەی ئاماژە بەهیچ پەیوەندییەك بدات لەگەڵ زمانی ئەرمەنیدا). بەڵام دواتر چەمکی ((خەلدی)) داهێنا، هۆکاری ئەم بۆچوونەشی ئەوە بوو، کە لای هەریەك لە کسێنۆفۆن (Xenephon) و، سترابۆ (Strabo) و

ستیفانووسی بێزەنتی (Stephanus) بەچاوەڕاوی سۆفۆکلێس (Sophokles) پۆنتیەکان iolooxay پەیڕەوکارانی پەرستنی خوودواوەند خەلدیان بەدانیشتوانی ئووراڕتوو ناوبردووە.

ئەم چەمکە لە میانەی پەرتووکی تێکرای نووسینەکانی خەلدیدا ((Corpus der chaldischen Inschriften)) بەشێوەیەکی فراوان تەشەنەی کرد.

لە ساڵی ١٩٠٨ دا ئێم شترێك (M.Streck) گازندەیەکی لە دژی ئەم چەمکەدا بەرزکردەوە، بەڵام کاریگەری نەبوو.

یۆت فریدریش (J.Friedrich) لە گووتارە بەراییەکانیدا (بە سەرنجدانێکی ڕەخنەییەوە) نازناوی ((خەلدی)) بەکارهێنا، بەڵام لە پڕ نازناوی ئووراڕتی لە بریدا داناو هەر ئەویشیانی پەژیراند.

تەنها ئێف.ڤێ کووینیگ (F.W.Konig) لە فەرهەنگەکەیدا فەرهەنگی نووسینەکانی خەلدی Handbuch der chaldischen Inschriften گەڕایەوە سەر لێمان سهاوپت، بێگومان بە بنەمای نوێوە، بەڵام کەم باوەڕ پێکراو.

J.Jensen:ZA 6(1991)65 f.Anm. 2. – A.Mordtmann:ZDMG 26 (1872) 465 ff. – CF.Lehmann-Haupt:ZE 24(1892) 128 f.,131.;Armenien einst und j-tzt II/2, - Berlin/Leipzig 1931,703-719. – M.Streck:ZDMG 62(1908) 763 f. – J.Friedrich: Causaica 8(1931)114;ZA 40(1931)285;ZDMG 90(1936) 60-85. – A.Goetze:“Kleinasien“,in : Kulturgeschichte des Alten Orients, München 1933,175 Anm. 5. – idem: JAOSS 55(1935)297-299.- F.W.K-Önig:HchI(1955)iii.

## سێیەم: بەندیوارییەتی زمانەکە

لە قۆناغی سەرەتای توێژینەوەی زمانی ئووراڕتیدا مەزەندە گەلێك لەمەڕ بەندیوارییەتیدا لەگەڵ زمانەکانی تردا خرانەڕوو؛ کە ئەمڕۆ دەکرێ هێژ تەنها جێگەی سەرنجی مێژوویی زانستی بن.

لە ساڵی ١٨٥٠دا پیِ، ئاش. لووزاتۆ (Ph.Luzzatto) لە تەقەلاکەیدا بۆ شیکردنەوەی زمانەکە پەنای بردە بەر سامانی هیندۆ-ئەورووپییەکان (سانسکریتی و میدی).

لە ساڵی ١٨٧١دا ئێف. لۆنۆغمۆ (F.Lenorment) بەندیوارییەتێکی لەگەڵ زمانی گوورجیدا گریمانکرد، ساڵێك دواتر دیِ. ها. مۆدتمان نووسینەکانی بە ئەرمەنی زووینەوە بەندیوارکرد، و لە ساڵی ١٨٧٦دا ئێل دوو. غۆبێغ (L.de Robert) تەقەلای بە دەستەوەدانی بەڵگەی ئەوەیکرد، کە پەیوەندی بە زمانی ئاشوورییەوە هەبێت.

هەروەها تۆژەرانی دواتری وەك مارِ (N.J.Marr) ١٩٢١ و ئێی. ئێیج. سێیس ١٩٢٥ پەژیرانی بەندیوارییەکیان لەگەڵ زمانی گوورجیدا بە پەسەند زانی.

ئێف. بۆك. (F.Borck) زمانی ئووراڕتی لەگەڵ خووری و ئیلامیدا بەیەکەوە داناو ویستی لێرەدا

لقێکی تایبەتی ((کۆمەڵەی زمانە قەوقازییەکان)) بخاتەڕوو، دوای ئەوەی تێ. ها. کلوگە (Th.Kluge) زووتر بەندیوارییەتییەکی لەگەڵ زمان قەوقازییەکاندا خستبووەڕوو.

Ph.Luzzatto: Études sur les inscriptions assyriens Persepolis,Hamadan,Van

et khrsabad,Podava 1850,158-182. – F.Lenorment: Lettres assyriologique,p

aris,1871,113 ff. –D.H.Mordtmann:ZDMG 26(1872)465-696;ZDMG(1877)

406- 438. – L.de Robert:Etude philologique les inscriptions cuneiforms de

la Armenei ,Paris 1876. – N.J.Marr

له پێناو وەسفکردنی گوتارەکانی قووتابخانەی مارِ بروانە.

Meščannov,"Die neuen Ergibnisse der chaldischen F-

Orschngen „Af O6(1930-31)201-216. – St.Petrsburg 1921. – F.Borck:Die M-

Itannisprache (MVAG 14/ 1-2)Berlin 1909. – Th.Kluge:Studien zur verglei-

Chenden Sprachwissenschaft der kaucasischen Sprachen I: Die Sprache der

Urartäischen Inschriften und ihre Stellung im kaukasischen Sprachkreise(M

VaeG 12 / 5), Berlin 1907.

لەم دواییانەدا دیاکۆنف (I.M.Diakonoff) دواجار لە کارێکی هاوبەشدا لەگەڵ قەفقاسیناس ئێس ئێی. ستارۆستیندا (S.A.Starostin) کنەی سەلماندنی بەندیوارییەکانی نێوان خووری- ئووراِرتی و کۆمەڵەی زمانەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی قەفقاسیاییکرد.

لێرەدا لەڕووی شێوازەوەوە پێشکەوتنێك ڕەچاو دەکرێت، وەلێ بەهۆی ئەم ماوە زۆرەی نێوانیانەوە کەموکورتی دەکەوێتە دووبارە ڕۆنانەوەی هاوبەشییە گریمانکراوەکانەوە، چونکە زمانەکانی باکووری قەفقاسیا تەنها بەم دواییانە بەڵگەدارکراون، ئەمەش دیاردەیەکی تایبەتی زمانە نیوێکان نییە، بەڵکوو گونجاوتر وایە خووری - ئووراِرتی لەگەڵ شێوە کۆنترەکانی چەندین زمانی تردا بەراورد بکرێن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەڕووی شێوە و مەزندەی واتای کەرەستە زمانەوانییە ئاماژە پێدراوەکانی خووری- ئووراِرتی، ژمارەیەکی زۆریان بەرگوومان دەمێننەوە، کە لە مەولا تەنها وەك ئەگەرێك دەتوانرێت حسابیان بۆ بکرێت.

I.M.D΄iakonov: "Hurrito- urartskij i vostoèno- kavkazski" ,Drevnij Vostok 3

(1978) 25-38, 260. – I.M.Diakonoff:Hurrisch und urartäisch, München1971

(MSS Beiheft 6 NF).- Diakonoff / S.A. Starostin: Hurro- Urartian as an Ea-

Stern Caucasian language(MSS Beiheft 12 NF), München 1986.

هەریەك لە ئێی ئێیج سێیس، پیێ، یێنسن، و تسیێ ئێف. لێمان- هاوپت یەکەم گریمانی بەندیوارییەتی زمانی ئووراڕتیان بە زمانی خووری (ئەوسا ((میتانی)) پێدەوترا) دەربڕی.

یۆت. فریدریش لە سەرەتادا بەگوومانەوە سەودای لەگەڵ پرسەکەدا کرد، وەلێ دواجار بە بۆچوونەکەیدا چوویەوە و ئەو برگە دەنگیانەی کۆکردەوە، کە تا ئەوکاتە دۆزرابوونەوە و خۆیشی هاوبەشی زیاتری کرد، بەڵام بەندیوارییەکەی تا سەرئێسقان وەك شتێکی ڕێژەیی هەڵسەنگاند.

A.H.Sayce: ZA 5 (1980) 266, 270. – A.H.Sayce:"The Kingdom of Van(Urar.u)", in: Cambridge Ancient History Bd. 3, Kap.8. – P.Jensen:ZA 6(1891)66 f. - C.F.Lehmann-Haupt:ZE 24(1892)130;SPAW 1900,632 f.- J.Friedrich:Ein-Führung ins Urartäische(MVAeG37/3), Leipzig 1933,29.34.44.51.- "Zum Subaräischen und und Urartäischen"in:Fs. Anton Deimel(AnOr 12), Rom 1935, 127 f. Mit Anm. 6,135 mit Anm.2.- Kleine Beiträge zur Hurritischen Grammatik(MVAeG 42/2)), Leipzig 1939 (59-62:"|Churritisch und Urartäi-Sch"). – "Urartäisch“, in:Altkleinasiatische Sprachen(HdO 1.Abt.,1./2. A-Bschnitt,Lfg.2), Leiden/Kölin 1969,46-48.

کارەکانی ئی. ئێم. دیاکۆنۆف دەربارەی بەراوردی زمانەوانی خووری - ئووراڕتی پێشکەوتنێکی گرنگیان لێکەوتەوە، چونکە نەك تەنها لەڕووی فەرهەنگۆك و گرامێمی تایبەتییەوە قەتیسبوونە، بەڵکوو بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو روویەکەوە پێڕۆی هەردوو زمانەکەیان هەریەك لەگەڵ ئەوەیتردا بەراورد کردووە.

هەروەها لە مەدا دیاکۆنۆف بەگوێرەی ڕێسا تەقەڵای چەسپاندنی جیاوازییە ڕێساییەکانی دا، کە بێگومان لە هەموو بارەکاندا سەلمێندراو نین.

گرافیکی خووری ḫ و ئووراڕتی q لە (Diakonoff, HuU, 50)دا هاوبەرامبەری وشەی خووری ḫawri/a (لە ḫawumni) - لە راستیدا بریتییە وشەی qaw/ra ی ئووراڕتی (گرافیکی qiuri خاك، ناوچە) دانراوە، ئەمەش وردە وردە بەرەو لاوازی دەچێت، چونکە وشە خوورییەکە بە مانای ((خاك، خۆڵ)) نایەت، بەڵکوو بریتییە لە ئاسمان (بڕوانە: E.Neu,Das Hurritische, 1988, 26 f) گرافیکی خووری S ئووراڕتی S. لە (HuU, 46. f.)دا وشەی خووری Sala ((کچ)) و ئووراڕتی sila- وەك هاوبەرامبەر دەخرێنەڕوو، کە لە سەرچاوە کۆنەکان وەرگیراون، کەچی وشەی دووەمیان بەواتای ((هاوسەر)) دێت.

بڕوانە: (M.Salvini, ZA 88[1998] 98 f)

I.M.Diakonoff/D`jakonov:Jazyki Drevenei Perdnej Azii,Moskva 1967,113-165.

Hurrisch und Urartäisch, München 1971(MSS B-

Eiheft 6NF وەرگێڕانە پاكنووسكراوە

ئەڵمانییەكە: M.L.Chachikjan:Churitskij i Urartskij J-

azyki( churityi urarty2), jerevan 1985.- I.M.Diakonoff/D´jakonov:"Hurrito-Ura-

rtskij i vostchno-kavakazskie jazyki"Drevenj Vostok3(1978) 25-38,260. – I.M

Diakonoff / S.A.Starostin:Hurro-Urartian as an Eastern Caucasian Language

(MSS Beiheft 12 NF), München1986.

ئێم. سالڤینی لە ساڵی ١٩٧٠-ەوە بەتایبەتی لە بواری وێكسازی فەرهەنگیدا گووتارگەلێكی زێتری خستۆتە بەردەست، كە توانی تیایاندا چەندین وشەی هاوبەرامبەری نوێی زانراویان بخاتەسەر.

لە بواری ڕێزمانیشدا گێ ڤلهلم (G.Wilhelm) زنجیرەیەك هاوڕێكی نوێی دۆزییەوە.

گێ شتاینە (G.Steiner) تاو ناتاو بەشێوەیەكی فراوانتر لەڕووی پرسی ئاڕاستەكراوی هێماناسییەوە چەند توێژینەوەیەكی بەراوردكاری زمانەوانی پێشكەشكرد.

M.Salvini:einige neue urartäisch-hurritische Wortgleichungen, Or39(1970)409-411.

Confronti lessicali fra Hurrico e ur- "Hourrite et Urarteen"RHA 36(1976),157-172.- "

In,:Floriligium Anatolicum, Melanges offerts a Emmanuel Larouche, Paris ,arteo"

1979,305- 14. – "Conference",ASSR-EPHE 97(1988-1989)175-178. – " Betrachtu-

Ng zum hurritisch- urartäisch Verbum" ZA 81,120- 132.-„Nouvi Confronti fra Hurrico e

urarteo"in,SMEA

29 (1992) 217- 225.- G.Wilhelm."Zur urartäischen Nominalflexion" ZA 66(1976)105-119..- „Der

Komitativ des Urartäischen", SMEA 22(1980) 133-136.- "Gedanken zur Frühgeschichte der Hu

Rriter und zum hurritisch- urartäisch Sprachvergleich", in: V.Hass(Hg.), Hurriter und Hurritisch).

Xenia22), Konsanz 1988,43 -67. – „Suffixaufnahme in Hurrian and Urartean", in:F.Plank(ed.),

doubled case, Agreement by Suffixaufnahme, Newyork / Oxford 1995, 113-135. – Ch.Girbal,

“ Notizen zum Urartäischen, SMEA 46(2004) 25-28. – “ G . Steiner: “Intrasitivis-pasivische un-

d aktivische Verbalauffassung”, ZDMG 126(1976) 229- 280. – “ The intransitive-passival

Conception of the in Languages of the Ancient Near East“, in:F.Plank(Hg.), Ergativity towards

a Theory of Grammatical Relations, London 1979, 185-216.- “ Hurrian and Urartian as Caucasi-

an Languages”, Annual of Armenian Linguistics 13(1992) 1- 50.- “ Die Bezeichnung des

Relativumus im Hurritischen und Urartäischen”, in: C.Paris (ed.), Caucasologie et mythologie

Comparee, Actes du colloque international du CNRS, IV colloque de Caucasologie(Sevres,27-

29 juin 1989), Paris 1992,441-453.

ئەوەی بەندیواربێت بەپرسی لە یەکتری جیابوونەوەی هەریەك لە زمانی ئوورارتی و خووری بە زۆری کۆتایی هەزارەی سێیەمی بەر لە زاین ناودەبرێت.

نووسینە خووریییەکانی تیش- ئە تەل (دوا چارەکی هەزارەی سێیەم) ئاماژە بەو دیاردانە دەدەن، کەوا دیارە چیتر لە خووری هەزارەی دووەمدا بەکارنایەن، بەڵکوو لەناو زمانی ئوورارتیدا بەردەوام دەبن.

I.M.Diakonoff:Hurrisch und Urartäisch, passim.- V.Hass/ G.Wilhelm,Hurritisch und Luwische Rit-

en aus Kizzuwatna (AOAT- S3) Kevelaer/ Neukirchen-Vluyn 1974, 129f.Anm. 2 – G.Wilhelm,“Die

Inschrift des Tišatal von Urkeš“ in:G.Buccellati / M.Kelly-Buccellati(Hg.),Urkeš and the Hurrins.

Studies in Honor of Lioyd Costen (BibMes26), Malibu 1998,117-143,hier: 133f.,135f. 10

تائێستا تەنها توانراوە واتای کەمتر لە سێ سەد وشەی ئوورارتی بەپلەی بێگومانی جیاوازەوە پشت راست بکرێتەوە.

نزیکەی لە ٢٠٪ی کەمتر لە سەد رەگی شێوە فرمانی بەکارهێنراو هاوبەرامبەرەکانیان لە خووریدا زاندراوە.

بێگومان ئەم ژمارەیەش پلەی بەندیوارییەتی نێوان هەردوو زمانەکە رەنگ ناداتەوە، چونکە زۆرینەی نووسینە ئوورارتییەکان لە پەیامی جەنگ و نووسینی رۆنانسازی پێکدێن ئەو جۆرانەی هەرگیز لە زمانی خووریدا بوونیان نییە یان بەبڕێکی کەم هەن لە کاتێکدا نووسینە خووریییەکان بە زۆری لە دەقە ئایینییەکان (سوێند، نزا، بەربینی ئەفسانە و نامە) و ژمارەیەکی نامە دبلۆماسییەکان پێکدێن.

بە چاوپۆشین لە جیاوازییە بنچینەییە فۆتۆلۆژییەکانی نێوان خووری و ئوورارتی (باری بەرپیواربوونی ((غیاب)) جووت نەبزوێنیێ لە زمانی ئوورارتی؛ بەرپیواربوونی زرنگانەوە ((Sonoritätsopposition)) لە زمانی خووریدا) هەروەك پرسی درێژکردنەوەی بزوێن و جیاوازی /o/ و /u/لە زمانی ئوورارتیدا، ئەوا رەگەکان جگە لە (nun) بەتەواوی بە یەکەوە دەگوونجێن، جگە لەمە جیاوازییەکان بەگوێرەی رێسا چەسپێندراون.

هەروەها ئەمە تارادەیەکی زۆر ناوەکانیش دەگرێتەوە (بروانە iština, šala, šurə).

جیاوازییە دەنگییە چاوەڕاوکراوەکان ( angebliche Isoglossen) بە وێکسازانێکی کەمترەوە بە چەوتی یان بە بەرگوومانییەوە سەلمێندراون.

أ- رەگی فرمان ag :((رێبەریدەکات)) (لە خووریدا واتە ((پەژیراندن))، هەڵکێشان))، ((گەشەکردن))) al (لە خووریدا alu) - ((قسەکردن))، am((دەسووتێنێت)) (تێپەڕ). ar ((دەیدات))، âšḫگوریدەکات[1] ((durb)) ((بوونە دوژمن)). (لە خووریدا تەنها لە ناوەکانی torbi, torubi((دوژمن))دا هەیە)، ((دەیبات، دەیگرێت))، âšḫ ((گوێدەگرێت)). لە خووريد بریتییە لە ḫaz .ḫut=i(y) - ، ((دەپەرستێت)). لە خووریدا ḫud :((بەرزیدەکاتەوە)) kul دەهێڵێت، بواردەدات)). لە خوورید kol – man، دەبێت لە خووریدا nab-mann دادەنیشێت)) nun دەێت: لە خووریدا — un، pis دلشاد دەبێت)) لە شێوەی فرماندا بریتییە لە pisdiala و شێوەی ناودا بریتییە لە pisusa ((شادی)): لە خووڕیدا pic (بە هێمای SV نووسراوە).

Sat دەیبات)): لە خووڕیدا tan-satt - ((دەیکات))، ti((قسە دەکات)): لە خووڕیدا Beni, ba, tieni((وشە)). urb ((دەکوژێت، سەردەبڕێت))، ust (شالاو دەبات): لە خووڕیدا ust=a=nni((جەنگاوەر، پاڵەوان)).

ب- ناو ate :((باوك)): لە خووڕیدا babani atta=iناوچەی شاخاوی، یان، کوێستان)): لە خووڕیدا P/fabni, P/faba ((شاخ))، edi: لە خووڕیدا edi ((کەس، جەستە))، euri ((سەروەر)): لە خووڕیدا evrisi, evri ((دەستەڵات)): لە خووڕیدا bara, evrissa))رێگا. شەقام)): لە خووڕیدا buradi bar.((جەنگاوەر)): لە خووڕیدا buradi ((جۆرە جەنگاوەرێکە)). isni ((کەناری بەرامبەر یەکتری، قەراخی دەریاچە)): لە خووڕیدا e/save ((جۆرە جەنگاوەرێکە))، isni((ناوەوە)): لە خووڕیدا kuri istani /?ukri/) ((پێ)): لە خووریداugri ، pili ((جۆگا)): لە خووڕیدا P/bura, Pilli/a ((کۆیلە)): لە خووڕیدا qarqarani. pura=me ((چەك)): لە خووریدا Kargami ((بەشێکی کنجی جەنگ[2] Sali ((ساڵ)): لە خووریدا sebira, savia, savala ((زیندوو)): لە خووڕیدا se/ubumi ((ژیان)) (رەنگبێ هاوتەریبی سروشتی کەونارای ناوی sebmi بێت). subi ((نوێ))، لە خووریدا suri, sub/ge ((چەك)): لە خووریدا su, sauri ((دەست)): لە خووریدا tarmanilli (P.l) su/o=ni ((سەرچاوەکان))، ((نافووەکان)):

له خووریدا tarmani (tarm ((خواردنەوە))). tarsuani((مرۆڤ)): له خووریدا tarzu (w)ani tisnu (هەروەها tisni? ) بەشێکە له لەش: له خووڕیدا tisa, tisni((دڵ))، uli((ئەوەیتر)): له خووڕیداoli .

پێویست ناکا وێکسازی له هەموو بارێکدا بگەڕێتەه سەر بەندیوارییەتی هەردوو زمانەکە، تەواو له جێی خۆیەتی له هەندێك باردا بەتایبەتیش له بواری وشەکانی زاراوەی سەربازیدا، کە له خووری نیوەی هەزارەی دووەمەوە هاتوونەتە ناو ئورارتی، روونبکرێنەوە.

له گەلێك باریتردا وادەردەکەوێت ئووراڕتی ئەو فەرهەنگۆکانە بەکاربهێنێت، کە له خووریدا نەبن.

له ئووراڕتیدا هەمیشە šid=išt بۆ ((رۆنان، دروستکردن)) بەکاردەهێنرێت، له کاتێکدا خووری بۆ ئەو مەبەستە رەگی pa بەکاردەهێنێت کە له ئووراڕتیدا نەگەواهێندراوە.

خواستێکی چاوەڕاوکراو له ئەکەدییەوە بەرگوومانە: داتاشینێکی پێشنیارکراو له "kubšu" ی ئەکەدییەوە بۆ "kubuši" کووم(٣)ی ئووراڕتی گرفتی تێدایە، چونکە وشە ئەکەدییەکە بەشێکی کنجی سەربازی نییە، بەڵکوو دیاردەی بەسەر کڵاوێکی خووری خوداوەند، پادشا و دەمڕاستە مەزنەکان دەدات.

**چوارەم: فرە زمانیەتی**

کۆنترین نووسینی پادشاکانی ئووراڕتی بە زمانی ئەکەدی نووسراون و له راستیشدا تاڕادەیەك دەچنەوە سەر شێوەی نووسینی شاهانەی ئاشووری، کە بایەخ بە شێوەزاری بابلی دەدەن، وەلێ هەروەها بەزۆری شێوەی شێوەزارەکانی ئاشووریش بەکاردەهێنن.

بەهەرحاڵ، له دوای وەچەی پادشا ئیشپوینی زمانی ئووراڕتی بەشێوەیەکی فراوان جێگەی ئەکەدی گرتەوە.

لەسەردەمی هەریەك له ئیشپوینی و رووسای دووەمدا دوو زمانەکی ((نووسینی ئووراڕتی - ئاشووری)) باون.

پۆپەی بەکارهێنانی زمانی ئووراڕتی وەك زمانی نووسینی یادگاری بریتییە له سەدەی هەشتەمی بەر له زاین (نووسینەکانی مینوا، ساڵنامەکانی ئەرگیشتی یەکەم و ساردووری دووەم)، له هەمان کاتدا پۆپەی هێزی ئووراڕتیشی بەخۆیەوە بینی.

سەردەمی دووەمی گەشانەوەی نووسینی زمانی ئووراڕتی بریتیبوو له فەرمانڕانی رووسای دووەم ; نووسینی رۆنانسازی دوورو درێژ هەروەك چەند خشتە قووڕێکیش (بەتایبەتی نامە) لێرەدا بەرچاو دەکەون.

سەرەڕای ئەوە، هێز نەشیاوە بەکارهێنانی چەند زمانێك له ئووراڕتوودا بسەلمێندرێت، هەرچەندە چاوەڕوانیان لێدەکرێت.

بێگومان چەندەها ناوی کەس و شوێن له زمانی ترەوە سەرچاوە دەگرن، لێ کتوومت پەسن ناکرێن پرسیارێکی کراوەیە، ئایا زمانی ئەرمەنی لەکاتی شانشینی ئووراڕتیدا پێشتر له چوارچێوەی ناوچەیەی بڵاوبوونەوەی دواتریدا قسەی پێکردووە.

نووسینە ئەکەدییەکانی ئووراڕتوو :چوونیەکی نووسینەکانی ساردووری یەکەم لە بەری ڕۆژهەڵاتی ((قەڵای ساردوور)) UKN .

1-3=Hchl ta-c سێ قامی[٤] باشتری تر لە بەری ڕۆژهەڵات:

E. Bilgic yeni Urartu kral kitabesi“, Türk Arke- loji Dergisi 9/1 (1959) 3-6: G.Wilhelm, „Urartu als Region der Keilschrift-Kultur“, in: V:Hass (ed.),

Das Reich Urartu (Xenia 17), Konstanz 1986, 95- 116.

فەرمانێکی گوری لەسەر تەوەنی ([٤] (وان):

M.Salvini: „Eine vegessene Felsinschrift mit einem assyrische

Opfertext“, in: Societies and Languages of the Ancient Near East. Studies in Honour of I.M. Dia-1982, 327-332. konoff,

Warminster

**ئەلپێکی[٦] نووسراوی ئیشپوینی:**

M. Salvini, „A Dedicatory Inscription of the Urartian King Išpuini“, Assur 1(1978) 171-174.

بەردێکی نووسراوی مینوا لە کەڤلنی (پێشتر شوشانتەس):

A.M. Dinçol / E.Kavakli, Van bölgesinde bulunmus.

yeni Urartu yazitlari نووسینە نوێیە ئورارتییەکانی دەوروبەری وان Anadolu Arastirmalari / JKF, EK yayin/ Beiheft 1), Istanbul 1978, 64-69, Taf. xii f بڕوانە:

M.Salvini, „Una“ „bilingue“ assiro-urartea“, in:

O. Carruba (ed.), Studia Mediterranea Piero Meriggi dicata, vol. I/2,Pavia 1979, 575-593

دوو زمانەکیەکان: Kelišin: UKN 19= HchI 9 بڕوانە:

W.C.Bendict, „The urartian-Assyrian Inscription of

Kelišin“, JAOS 81 (1961) 359-385, Fig. I-II; M.Salvini, “La stele di Kelisin”, in: P.E. Pecorella/

M.Salvini (ed.): Tra lo Zagros e l,Urmia. Recerche storiche ed archeologische nellAzerbaigan

iraniano, Roma (1984) 63-64.- Topzawä: UKN 264= HchI 122; s. M.Salvini, “La bilingue urart-

eo-assira di Rusa I”, in: op:cit., 79-95.- Mergeh Karvan: M.Salvini, 1.c.

**پێنجەم :کورتەی مێژووی ئووراڕتوو**

کاتێك ئەمڕۆ لە بارەی ئووراڕتوو دەدوێین (کە بە زۆری ئاسانکراوی Urartu)وە، ئەوا دیاردەی بەو

شانشینە دەدەین، کە لە سەدەی نۆیەمەوە تاوەکوو سەدەی حەوتەمی بەر لە زاین لەلایەن ئەو پادشایانەوە فەرمانڕانی کراوە، کە هەمیشە لەلایەن ئاشوورییەکانەوە بە (šarru)Urar.ajju) ((پادشای)ی ئووراڕتیان)) یان ((ئووراڕتیەکان)) ئاماژەیان پێدراوە ;بەڵام بە زۆری خۆیان بە ((پادشای خەڵکی بیا)) (LUGÁL Biainawe) و ((پادشای خەڵکی شورا/یLUGÁL Šurawe) (؟) (ناوبردووە.

کۆنترین ئاماژەپێدانی ناوەکە بەشێوەی KUR " " *Ú*-ru-a.-ri لە نووسینێکی پادشای سەردەمی ئاشووری ناوەڕاست شەلمەنسەری یەکەم (-1263 1234پ-ز) دەدۆزێتەوە ((Rim A.O.77. 1.27, 40.

ئاشوور بێل کالا ( 1056-1073پ.ز) هەمان شێوە ناوی بەکارهێناوە، کە بەگوێرەی ساڵنامەکانی ئەویش وەك شەلمەنسەر شالاوی بردۆتە سەر ئەم وڵاتە ( (RIM.A. 0.89.5.11هەرچەندە دیاریکردنی کت و متی ناوچەکە شیاو نییە، وەلێ لە هەردوو برگە دەقەکانەوە ئەوە روون دەبێتەوە کە بەندیوارە بەناوچەیەکی شاخاوی فراوانەوە.

بەگوێرەی بەڵگەنامەکان، ئەوا ناوچەکانی رۆژئاوا، باشوور و باشووری رۆژهەڵاتی گۆمی وان رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵیان مەبەستە.

بۆ یەکەم جار لەلایەن شەلمەنسەری سێیەم ( -854 858پ.ز)وە ((نسبە)) *Ú* -ra-ar-ta-ajju دەخرێتە سەر شێوەی ئووراڕتوو ( Schwarzer Obelisk=Rim A.0.102. 14.144).

شەلمەنسەری سێیەم ئاماژە بە سێدووریَ-mSe-e) Sardure) ( -du-reدەدات، کە مەبەستی ساردورێی (

یەکەمە، کە یەکەم پادشای لای ئێمە ناسراوی نەوە چرکەکەیە، ئەو نەوە چرکەی پادشانشینی ئووراڕتی دامەزراند و تاوەکوو لە بەریەك هەڵوەشانیشی فەرمانڕانیکرد.

سارگۆنی دووەم (725-721پ.ز) بۆ نووسینی ناوی وڵاتەکە لۆگۆگرامی kurURI بەکارهێناوە، کە لە بنەچەکەدا ئاماژەی بە وڵاتی ئەکەد دەدات لە باکووری بابلدا.

هۆکاری ئەمەش نەزاندراوە ;رەنگە لەسەر ئەکرۆفۆنی (Akrophonie) رۆنرابێت.

رووسای یەکەم، کە لەسەر تەختی ئووراڕتیدا هاوسەردەمی سارگۆنە لە گۆهارتۆ ئاشوورییەکەی تۆپزاوایدا هەمان لۆگۆگرامی بەکارهێناوە، لە کاتێکدا لە گۆهارتۆ ئورارتیەکەدا بۆ ئەم مەبەستە بیاینینە (kurBiainili)هەیە.

واتاو بنەچەکی زمانەوانی ناوی ئووروئاتری / ئووراڕتوو بەزاندراوە ;پێدەچێت ناوەکە زمانی ئووراڕتی نەبێت، چونکە پادشا ئووراڕتییەکان جگە لە باری ناوبراو نووسینی لۆگۆگرافی بەکارناهێنن.

ناوێکی دیکە بۆ ناوزەندکردنی ئەو ناوچە بەرفراوانانەی، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆیەمەوە سەر بە پادشانشینی ئووراڕتین، بریتییە لە نائیری / نایری (Nairi).

ناوەکە بەزۆری لە نووسینەکانی پادشای ئاشووری توکولتی ئینورتای یەکەم (-1233 1297پ.ز) دا گەواهی پێدراوە، لەم نووسینانەدا نائیری لە سەرەتادا وەك ((وڵاتێکی نەناسراو)) Rim A.0. 78..1 IV.10) (KUR la-i- du-u

ئاماژەی پێدەدرێت، کە سنووری وڵاتی ئالزی /ئەلزە (Alze) دەدات و پێدەچێت بکەوێتە ناوچەی سەرچاوە سەرەکییەکانی دیجلە و سەرچاوەکانی مورات سوو و باشووری هەردوو سەرچاوە سەرەکییەکەی فوراتەوە.

وڵاتەکە لە چەندەها دەڤەر پێکهاتووە و بەگوێرەی نووسینە ئاشوورییەکان ((40 پادشا)) فەرمانڕەوایییان تێیدا کردووە (RIM A.0.78. 4:5- 24, etc : 18 :6- 5:38).

